# ئەخلاقیات

سمكۆ عەبدولكەریم



ئەخلاق بە هەموو ماناكانییەوە شتێكە زۆر زیاتر لە قاتو ریبات كەسایەتی مرۆڤ دەردەخات ، بەلآم كاتێك ئەو كەسە بەشێك لەو ئەخلاقە لەدەست دەدات وەك ئەوە وایە لایەنێك لە كەسایەتییەكەی ونكردبێ ،ئازایەتی مرۆڤ ئەگەر تەنیا هەر ئەوەبێت جنێو بدەیت و سوكایەتی بە بەرامبەرەكەت بكەیت ، ئەوە بە هەموو كەسێك دەكرێ ، هەتا بە عەبەی براشم .

ئازادی رۆژنامەگەریش ئەگەر ئەوەبێت ئەوەی راستی بێت نەینووسی و ئەوەی ناڕاستییە ئەوە بنووسی ئەوەش بە هەموو كەسێك دەكرێ ئەگەر ئەو كەسە تازەش پەنجەی قەڵەمی گرتبێت .

من لە چەند نووسینێكی پێشتریشدا ئاماژەم بۆ ئەوەكردوە كە راستی و ناڕاستی بە شێوەیەك تێكەل و پێكەل كراوە خەریكە هەموو شتێك بە جوانییەكانیشەوە لە دەست دەدەین ، بەلآم بۆ ئەوەی ئەو ئیرادەیەی دەیەوێ جوانییەكان ناشرین بكات مۆفەق نەبێ باشتر وایە و پێویستە بەر بەو تەوژمە بگیرێ كە خەریكە وەك دیاردەیەك دوور لە كار و ئەخلاقی رۆژنامەوانی سەرهەڵدەدات .

ئەو نووسینانەی رووی هیچ مەجلیس و رووپەری رۆژنامەكیشیان نییە مەگەر لە هەندێ ویب سایتدا نەبێ لە هیچ رۆژنامەیەك دەرفەتی بلآوكردنەوەی پێنادرێ .ئەوەش ئەو راستییە دەردەخات كە لە ولاتی ئێمەدا یان ئەوەتا ئازادی رۆژنامەوانی نییە یان ئەوە نووسینەكانن رووی مەجلیسیان نییە ، كە بێشك ئەوەی دوومیانە .

باوەڕناكەم لە ولآتی ئێمەدا كەس هەبێ بە خوێنی خۆی بنووسێ ، بەڵكو هەموو ئەوانەی ئیدعای ئەو ئازایەتییە دەكەن بە خوێنی خەڵكی تر رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەكانیان دەڕازێننەوە ، بەردەوامیش باسی ئەوە دەكەن ئازادی رۆژنامەگەری نییە ، ئەگەر ئازادی نییە ئەوان دوای جنێونامە و نووسینە بێسەروبەركانیان لە كوێوەی دونیا دەنووسن و دەخۆن و دەنون و دەسوڕێنەوە .

بێگومان یەكێ لە بنەماكانی ئەخلاقی رۆژنامەوانی راستگۆی و بێلایەنییە كە بە داخەوە هەموو ئەوانە رۆژانە چەندین جار درۆ لەگەڵ خۆیاندا دەكەن ، هەموو شتەكان تا ئەو شوێنە بە جوانی دەبێنن كە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە ، ئەگەرنا بە پێچەوانەوە هەموو شتێك بە ناشرین و دووڕوو و دوور لە ئەخلاقی رۆژنامەوانی سەیر دەكەن .

كورد گوتەنی جوێندان لوتكەی بێدەسەلآتی و ترسنۆكییە ، گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایش باشترین وەلآمدانەوەیە بەو كەسانەی زوو خۆیان لێدەگۆڕێ درەنگ لە شتەكان دەگەن و بە ئاگا دێنەوە .

هەر لێرەوە پێشنیازی ئەوە دەكەم سەندیكای رۆژنامەنووسانیش لەبەرامبەر ئەو دیاردەیە هەڵوەستەیەك بكات و ئەندامیەتی لەو جۆرە كەسانە وەربگرێتەوە كە سەرەنجام بە رۆژی رووناك سوكایەتی بە پەیامی راستگۆیی رۆژنامەگەرییەوە دەكەن ، لەو رووەوە من یەكەم كەس دەبم بەرەسمی داوا لە سەندیكای رۆژنامەنووسان دەكەم ئەندامیەتی لە هەورامان محەمەد وەربگرێتەوە لە بەرامبەر ئەوەی لە رێگەی كورتەنامەی مۆبایلەوە پەنای بردۆتە بەر هەڕەشەو جوێندان نەك تەنیا هەر بەرامبەر بەمن ، بەڵكو بەرامبەر بە چەندین رۆژنامەنووسی تر .